بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٢٣ ) ساڵی ٢٠٠٨**
**یاسای ژمارە ( ١٣ )ی ســـاڵی ٢٠٠٨**
**یـــاســـــای هەموارکـــــردنی دووەمی یـــاســـای ژمـــــارە( ٩ )ی ســـــاڵی ٢٠٠٧**
**یـاسـای ماف و ئیمتیازاتی کـەس و کـاری شەهید و ئەنفالـکراوەکان لە**
**هەرێمی کـوردسـتان ـ عێراقدا**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٢) لە ١٥ /٢٠٠٨/٩ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٨
## یـــاســـای هەموارکردنی دووەمی یـــاســـای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧
## یـــاســـای مـــاف و ئـــیمتیازاتی کەس و کـــاری شەهید و ئەنفالکـــــراوەکان
## لە هەرێمی کوردســـــتان ـ عێراقـدا

**ماددەی یەکەم:ـ**

بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یـــاســــاکە هەموار دەکـــــرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

شەشەم:

براو خوشك و منداڵی قوربانیانی جینۆساید لە مەرجەکانی کە لە بڕگەکانی (٣،٢)ی سەرەوە دا هاتوون بەدەردەبن تا کاتی قەرەبوو کردنیان لەلایەن حکومەتی فیدرالەوە.

**ماددەی دووەم:ـ**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:-**

ئـەم یاســـایە لـە رۆژی جێبـەجێ کـردنی یـاســـای ژمـــارە(٩)ی ســـاڵی ٢٠٠٧ یـاســـای مـــاف و ئیمتـیازاتی کـەس و کـاری شـەهید و ئەنفالـکراوەکـــان لـە هـەرێمی کوردســـتان-عێراقدا کـــاری پـێ دەکـــرێ و لە رۆژنـــامەی فـــەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلـاو دەکـــرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ئەم یاسایە لە ٣ی رەزبەری ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر٢٥ی رەمەزانی ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٢٥ی ئەیلولی ٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .